اللَّهُمَّ ارحم الْمُحَلِّقِينَ)، ووتیان: ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردووەتەوە (الْمُقَصِّرِينَ)؛ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: (اللهم ارحم الْمُحَلِّقِينَ)، ووتیان: ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردووەتەوە (الْمُقَصِّرِينَ)؛ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: (اللهم ارحم الْمُحَلِّقِينَ)، ووتیان: ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردووەتەوە (الْمُقَصِّرِينَ)؛ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: ((والْمُقَصِّرِينَ

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «(اللَّهُمَّ ارحم الْمُحَلِّقِينَ)*، ووتیان: ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردووەتەوە (الْمُقَصِّرِينَ)؛ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: (اللهم ارحم الْمُحَلِّقِينَ)، ووتیان: ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردووەتەوە (الْمُقَصِّرِينَ)؛ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: (اللهم ارحم الْمُحَلِّقِينَ)، ووتیان: ئەی ئەوانەی قژیان کورت کردووەتەوە (الْمُقَصِّرِينَ)؛ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: (والْمُقَصِّرِينَ)». *(واتە: خودایە، ڕەحم بە ئەوانە بکە کە قژیان تاشیووە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

قژ تاشین وکورتکردنەوەی لە دروشمەکانی حەج وعومرەن، وقژ تاشین باشترە لە کورتکردنەوەی، چونکە دەربڕینی ئەوپەڕی ملکەچی و خۆزەلیلکردنە بۆ خوای گەورە لەم پەرستنەدا، ئەمیش بریتیە لە دەرهێنانی مووی سەر لە بنەوە بۆ گوێڕایەڵیکردنی فەرمانی خوای گەورە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سێ جار نزای ڕەحمەتی بۆ ئەوانە کردووە کە سەریان دەتاشن، وئەوانەی ئامادەن بوون ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا نزا بۆ ئەوانەش بکە کە قژیان کورت کردووەتەوە بەڵام نزای نەکرد بۆیان، لە سێیەم یان چوارە جاردا نزای بۆ ئەوانەیش کرد کە قژیان کورت کردووەتەوە، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تاشینی قژ بۆ پیاوان باشترە لە قژ کورتکردنەوە. ئەمە ئەگەر کەسەکە لە عومرەی (تەمەتوع) نەبێت، چونکە لەم کاتەدا باشتر وایە قژی کورت بکاتەوە؛ بۆئەوەی لە کاتی حەجکردندا قژی بتاشێت، چونکە ئەگەر لە عومرەی (تەمەتوع)دا قژی بتاشێت ئەوا ماوەکە زۆر کەمە بۆئەوەی قژی دیسانەوە دەربچێت بۆ تاشینی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/7185